# منداڵ لە بارهێنان و گەورەکانی خۆیدا فێری درۆکردن دەبێ

هەندێک لە مرۆڤەکان کاتێک دووچاری کێشەو گرفت دەبنەوە و هەست بە نیگەرانی دەکەن، دۆش دادەمێنن، یان قورقەپی لێدەکەن، کەچی هەندێکی دیکە پەنا بۆ فێڵ و درۆ و ساختەکاری دەبەن. لەو نێوەندەدا دەگمەنن ئەوانەی کە راستگۆیانە باس لە کێشەکانیان دەکەن و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرن.

ئەگەر کاردانەوەو رەفتاری گەورەکان لەبەرانبەر کێشەکاندا بەو شێوەیە بێ، ئایا منداڵەکان چۆن رەفتار لەگەڵ کێشەکانیاندا دەکەن، بە چ شێوازێک پاساوی هەڵەو کەموکورِیەکانیان دەدەنەوە؟ بە چ زمانێک بەرانبەرەکەیان هێور دەکەنەوەو رازیان دەکەن؟!

هەرچەندە منداڵ هۆشی تەواوی نیەو ناشتوانی وەک گەورە کۆنترۆڵی خۆی بکات، بەڵام دیسانیشەوە هەندێک لەوان لێهاتوویی ئەوەیان هەیە بۆ بەرژەوەندی خۆیان پاساو بهێننەوە، کێبەرکێ بکەن و بەرانبەرەکەیان فریو بدەن، یان لانی کەم بەرپرسیارێتی لەخۆیان دوور بخەنەوە.

زۆربەی منداڵەکان هۆش و شارەزایی ئەوەیان نیە کە پەنا بۆ فرت و فێڵ ببەن و گرفتەکان لە خۆیان دوور بخەنەوە، بۆیە تێدەکەون و زیانمەند دەبن، یان دووچاری لێدان و سوکایەتی پێکردن دەبنەوە، بۆیە کە لێیان ئاشکرا دەبێ، هەست بە شەرمەزاری دەکەن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن. رەفتاری ئەو منداڵانە بە بەراورد بە گەورەکان زۆر لەبارو گونجاوە، جێی رێزو پێزانینە، چونکە وەک دەگوترێ بێدەنگبوون سەرچاوەی لە رازیبوونەوە گرتوە.

زۆربەمان ئەو منداڵانەمان دیوە کاتێک دووچاری تەنگژەو کێشە دەبنەوە، هەوڵ دەدەن سۆزو بەزەیی گەورەکان بەلای خۆیانەوە رابکێشن و بە شێوازێک رەفتار دەکەن و کێبەرکێ دەکەن تا لە سزادان دەربازیان بێ.

رەفتاری منداڵەکان بۆ دەربازبوون لە سزای ئەو کەتنانەی ئەنجامیان داوە، یان بۆ رزگاربوون لەو کێشانەی کە تێیکەوتوون، جۆراوجۆرە، هەندێکیان پەنا بۆ گریان و هاوارکردن دەبەن، هەندێک جار منداڵە کەتنکەرەکە بۆ ماوەیەکی درێژ دەگری و هاوار دەکات و ئازاری خۆی دەدات. خۆ ئەگەر منداڵێک لە شوێنێکی گشتیدا بگریێ، خۆبەخۆ لایەنگرو سۆزداری بۆ پەیدا دەبێ. زۆرجاران هاوسۆزەکانی ئاگایان لە کێشەو گرفت و کەتنەکان نیە، بەڵام لە خۆڕاوە هاوسۆزی لەگەڵ منداڵەکە دەنوێنن و داوا لە دایک و باوکی و لایەنی بەرانبەری دەکەن کە ببیەخشێ و داخوازیەکەی بەجێ بگەیەنن، یان هەر خۆیان هەوڵ دەدەن داخوازی منداڵەکە جێبەجێ بکەن. لەو کاتانەدا منداڵەکە پێداگرتر دەبێ، لە ناخەوە هێور دەبێتەوە. لەوانەیە دایک و باوکی لە شەرماندا خواستی منداڵەکەیان جێبەجێ بکەن، لێرەدا منداڵەکە هەست بەسەرکەوتن دەکات، بەوهۆیەوە چێژ لە فێڵکردن و ساختەکردن وەردەگرێ. ئەگەر چەندین جار ئەو رووداوانە دووپات ببنەوە، منداڵەکە پێیەوە رادێ و تێیدا سوودمەند دەبێ. لە داهاتووشدا هەوڵی دووپاتبوونەوەیان دەدات.

هەندێک لە دایک و باوکان کاتێک منداڵەکەیان لە شوێنە گشتیەکاندا بۆ شتێک دەغەزرێ، ناچارن بۆ بێدەنگ کردنی گوێرایەڵی بکەن و فەرمانەکەی جێبەجێ بکەن، بەوهۆیەشەوە منداڵەکە رێگەچارە بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانی خۆی دەبینێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر جارێک، منداڵێک بە گریان شتێکی دەستکەوت، هەوڵدەدات سیناریۆکە دووبارە بکاتەوە، ئەگەر جاری دووەم و سێهەم سەری گرت، ئیدی خووی پێوە دەگرێ و خۆیشی بە سەرکەوتوو دەزانێ، بەوهۆیەشەوە



لەسەر درۆو فێڵکردن رادێ. لێرەدا مەبەست ئەوەنیە کە بە لێدان منداڵەکە بێدەنگ بکرێ و خواستەکەی جێبەجێ نەکرێ، بەڵکو دەبێ دایک و باوکان و گەورەکانیانی منداڵ پەنا بۆ شێوازێکی دیکەی ئامۆژگاری و بارهێنان ببەن، دەنا داهاتووی منداڵەکە تاریک و نادیار دەبێ.

منداڵ لەزۆر شت بێزارو شەرمەزار دەبێ. ئەوانەی شەوانە میز لەسەر جێگە دەکەن، ئەوانەی جلی خۆیان پیس دەکەن، ئەوانەی شتیان لەدەست دەشکێ و سزا دەدرێن، هەرهەموویان خۆیان بە کەمتەرخەم دەزانن و دەترسێن، بۆیە بیر لە رێگەچارەیەک دەکەنەوە کە سەربەرزانەو بێ سزا لێیان دەربچن، ئەگەر رێنوێنی و ئامۆژگاری گەورەکانی لەگەڵدا نەبێ، یەکراست پەنا بۆ درۆو فێڵکردن دەبەن. لەو پێوەندەدا نابێ دایکان و باوکان بەردەوام پرسیاری بێزارکار لە منداڵەکانیان بکەن و هەڕەشەیان لێبکەن، چونکە وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکان قورسەو لەئاست هۆش و لێکدانەوەی منداڵ دانیە، بەتایبەتی ئەو رەفتارانەی لە کاتی نەستیدا ئەنجام دەدرێن، بە منداڵ وەڵام نادرێنەوە. بۆ نموونە وەڵامی ئەو پرسیارە لای منداڵ نیە کەبۆچی لە شیرین خەودا میز بەخۆی دادەکات و پێخەفەکەی تەڕ دەکات؟! یان بۆچی حەز لە فڵانە یاری دەکات و مەیلی بەلای خواردنێکی دیاریکراو دانیە؟!

لەجیاتی ئەو پرسیارە دووپاتکراوانە، لەجیاتی ئەوەی هەڕەشەیان لێبکرێ، دەبێ رێنوێنی و ئامۆژگاری بکرێن، چونکە لە بێئاگایی و لە نەستەوە ئەنجامیان داوەو حەزیشی پێناکەن و ناشیانەوێ لەبەرانبەر گەورەکانی خۆیاندا شەرمەزارو هەڵبزرکاو بن، چونکە بێدەست و بێویستی خۆیانەوە کارەکە رووی داوە، یان کەتنەکە ئەنجام دراوە.

کاتێک منداڵێک مەشقەکەی ئەنجام نادات و دەچێتە پۆلەوە، هەست بەشەرمەزاری دەکات، بەڵام ئەگەر مامۆستا شکاندیەوەو سوکایەتی پێکرد، یان ئەگەر هاوپۆلەکانی گاڵتەیان پێکرد، داخبار و نیگەران دەبێ، لەوانەیە هەڵەکەی راست نەکاتەوەو رق لە خوێندنگەو مامۆستاو هاوپۆلەکانی هەڵبگرێ، بەڵام ئەگەر مامۆستاو هاپۆلەکانی هاوکاریان کردو رێیان پێنیشان دا، ئیدی بەهۆش دێتەوەو رێنوێنی ئەوان لەبەرچاو دەگرێ، لەوانەیە لە داهاتوودا دووبارەی نەکاتەوە.

منداڵ وەک هەر مرۆڤێکی گەورە ئامادەیی هەیە کە فێری درۆکردن ببێ، بۆیە نابێ گەورەکان لەبەرچاوی ئەودا درۆ بکەن، بۆ نموونە کاتێک منداڵێک دەبینێ دایکی یان باوکی درۆ لەگەڵ دیتراندا دەکەن، ئەویش شوێنپێی ئەوان هەڵدەگرێتەوەو لاسایی ئەوان دەکاتەوە. راستیەکەشی منداڵ زۆر حەز بەوە دەکات کە لاسایی دایک و باوکی خۆی یان گەورەکانی خۆی بکاتەوە. درۆکردنیش وەک نەخۆشی لە دەروونی منداڵەکەدا شوێن دەگرێ، چەکەرە دەکات و گەشە دەکات. بۆیە دەکرێ بڵێن کە درۆکردن شێوازی بۆ ماوەیی هەیە و بۆ منداڵەکان دەگوازرێتەوە.

درۆ و فێڵکردن وەک هەر رەفتارێکی دیکە لە دەستپێکی بارهێنانی منداڵدا چەکەرە دەکات. بێگومان درۆ لەرێی ئەندامانی خێزان و دەوروبەرەوە بە منداڵ دەگات، واتە منداڵ لە گەورەکانەوە فێری دەبێ، چونکە درۆ و فێڵکردن راستەوخۆ دەگوازرێنەوە، کایەیەکی کۆمەڵن و پێوەندی راستەوخۆیان بە ژینگەی بارهێنانی منداڵەوە هەیە. ئەگەر لە ماڵ و خوێندنگەدا درۆکردن پیرۆز بکرێ، منداڵەکە زۆر بە ئاسانی وەریدەگرێ. بەوهۆیەشەوە لەنێو هاوتەمەنانی خۆیدا بڵاویان دەکاتەوە.

پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی درۆو فێلکردن، پێویستی بە خۆپارێزی هەیە، هەر ئەوەش باشترین چارەسەرە. لە سەرەتادا پێویستە لە داخوازی و پێداویستیەکانی منداڵ تێبگەین، بەدوای هۆکارەکانش بگەڕێین و شێیان بکەینەوە و بگەینە ئەو ئاکامەی کە بۆچی منداڵ درۆ دەکات و لەبەرچی پەنا بۆ فێڵکردن دەبات؟ ئەگەر رێمان بە دەربرینی هەستی منداڵ دا، ئەگەر سەرەداوی هۆکارەکانمان دۆزیەوە، ئەوکاتە پێشگرتن ئاسان دەبێ.

پێشینان گوتویانە: هۆشی چاک لە تەندروستی باش دایە. هەر بەو پێوەرە، دەتوانین بڵێین: 'منداڵی راستگۆ لە خێزانی راستگۆ بەرهەم دێ'، ئەگەر خێزان و کەسوکار هۆش و هەستی ئەوەیان هەبوو کە بەشێوازێکی راست منداڵ باربهێنن؛ ئەگەر دایک و باوک خواردنی باش و پڕ ئێنێرژیان بۆ منداڵ دابین کرد، ئەگەر خوێندنگە بەرنامەی رێکوپێکی بارهێنان و فێرکردن پەیرەو بکات، ئەوکاتە منداڵی راستگۆ، بەئیرادە و خۆڕاگر دروست دەبن. لە دواییشدا مرۆڤی خاوەن ویست، راوەستاو، هۆشدار و بە ورە پەیدا دەبن و کۆمەڵ سوودمەندو بەرهەمەند دەکەن.

هەموو ئەو هەنگاوانەش لە رێی دانوستاندن و باوەڕپێکردنەوە جێبەجێ دەکرێن. بۆیە زۆر پێویستە بە پارێزەوە رەفتار بکەین و کردەوەکانمان سەر لە منداڵەکانمان نەشێوێنێ، یان کارێک نەکەین کە ئەوان بەلاڕێدا ببرێن.

**سوهام محەمەد نەبی**

# ژنانی کوردستان بەراورد بەو ژنانەی پاسەوانی لە قەزافی دەکەن



بێگومان دەیان ساڵە کە ژنان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە ریزەکانی سوپای وڵاتەکانیاندا ئەرکی سەرشانیان بەجێدەهێنن و لە ریزەکانی پۆلیسدا جێیان گرتوە، بۆیە نامانەوێ ژنانی کوردستان بە ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو بەراورد بکەین، بەڵام لەوەتەی موعەممەر قەزافی لەساڵی 1969دا جڵەوی دەستەڵاتی لە لیبیادا گرتۆتە دەست، لەلایەن ژنانی ئەو وڵاتەوە پاسەوانی لێدەکرێ و دەپارێزرێ. هەرچەندە کە قەزافی زۆرترین ناحەزو نەیاری ناوەخۆیی و دەرەکی هەیە، بەڵام تا ئێستا بەباشترین شێوە پارێزراوە، ناپاکی لێنەکراوەو کۆدێتای لەدژدا نەکراوەو ئەو هێرش و پەلامارانەی کراونەتە سەری ناکام ماونەتەوە، ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی بگوترێ کە ژنانی وڵاتانی موسڵمانیش دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن و پیاوانیش بپارێزن، بەڵام ئەگەر ژنانی باشووری کوردستان بەو ژنانە بەراورد بکەین کە پاسەوانی لە موعەممەر قەزافی و رژێمەکەی دەکەن، دەبێ داخبار بین.{لێرەدا ژنانی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان هاوێر دەکەین، چونکە بە هەزاران ژنی ئەو بەشانەی کوردستان شان بەشانی پیاوان بەشداریان لە شەڕی چەکداریدا کردووەو دەیکەن، خۆشیان و پیاوانیش دەپارێزن} چونکە سەربارى ئەوەی کە ژنانی کوردستان بە شێرەژن ناودێر دەکرێن، کەچی پیاوان پاسەوانیان لێدەکەن و دەیانپارێزن. تەنانەت پاسەوانی ئەو بنکەو سێنتەرانەی بۆ پارێزگاریکردن لەژنان لە شارەکانی کوردستاندا دروست کراون و ژنانی کێشەدار تێیدا دەحەوێنەوە، پیاوی چەکدارن. هەر پیاوانیش بنکەو بارەگای رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمان دەپارێزن. هەروەها ئەو ژنانەی کە پۆستی بەرپرسیارێتی حزبی و حکومیان هەیە، دیسانەوە پاسەوانەکانیان پیاوان. لێرەدا پرسیارێک بەرۆکمان دەگرێ و دەبێ بەرپرسە ژنەکان وەڵامی بدەنەوە: 'بۆچی بەرپرسە ژنەکان و ژنی بەرپرسەکان پاسەوانی ژن بۆ خۆیان دانانێن؟!، بۆچی وەزیری 'کارو کاروباری کۆمەڵایەتی' و پەرلەمانتارە ژنەکان داوا ناکەن کە پۆلیسی ژن پاسەوانێتیان لێبکەن؟! خۆ سەدان ژن لە ریزی هێزەکانی پۆلیسدا هەن و شارەزایشیان لە بەکارهێنانی چەکدا هەیە؟!'

**بۆچی بەرپرسە ژنەکان و ژنی بەرپرسەکان پاسەوانی ژن بۆ خۆیان دانانێن؟! بۆچی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و پەرلەمانتارە ژنەکان داوا ناکەن کە پۆلیسی ژن پاسەوانێتیان لێبکەن؟!**

لە باشووری کوردستانیشدا دەیان نموونەی ژنی ئازای وەک مارگرێت، لەیلا قاسم، خەجە باوەو مامۆستا شلێرمان هەیە، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هاوشێوەیان دەرنەکەوتوە، یان بەهەر هۆکارێک بووبێ، نەناسراون و نایانناسین.

لە دوای راپەڕینەوە ژنانی باشووری کوردستان سوودی زۆریان لە سەردەمی رزگاری وەرگرتووە، پۆست و پلەی بەرزیان لە نێو حزب و حکومەتدا پێسپێردراوە، بەڵام هەوڵیان نەداوە پاسەوانی هاوڕەگەز بۆ خۆیان پەیدا بکەن و رەگەڵ خۆیان بدەن، ئەوەش یەکێکە لەو کێماسیانەی کە ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ و لەبەرانبەریدا هەڵوەستە نەکەین و پرسیار لە ژنان نەکەین و بە دوای هۆکارەکاندا نەگەڕێین.

لە بزاڤی رزگارییخوازی گەلانی بندەست و داگیرکراودا ژنان رۆڵی پێشەنگ و بەرچاویان هەبووە، بیریان لە زێڕو خشڵ و ناوماڵ نەکردۆتەوە، بەڵام زۆرینەی ئەو ژنانەی کە پۆستی بەرپرسیارێتی وەردەگرن بەر لەهەموو شتێک خۆیان لە ئاڵتوون هەڵدەکێشن.. پەنا بۆ نەشتەرگەری و جوانکاری دەبەن. لەو خاڵەشدا ناکۆکیەکان بەدیار دەکەن و تای تەرازووی بەراوردکردن لاسەنگ دەبێ.



زۆر جاران دەگوترێ کە پیاوان بە بەراورد بە ژنان نەوسن و چاوچنۆک و گەندەڵترن، بەڵام لەوانەیە ئەو پێوەرە بۆ ئێستای باشووری کوردستان لەبار و گونجاو نەبێ، چونکە لە ساڵانی رابردوودا پەنجە بۆ دەیان ژنی گەندەڵکار راکێشراوە، لێپرسینەوە لەگەڵ هەندێکیان کراوەو کەمێکیشیان رووبەڕوی دادگە کراونەتەوە.

لە کۆتاییدا پرسیارێکی گشتی دەکەین :' ژنانی کوردستان باوەڕیان بە هیزی خۆیان نیە یان لە خۆبایین و دەیانەوی پیاوان بیانپارێزن؟!

**سەربەست کانەبی**